# ناتەبایی ... ڕێسی کوردان دەکاتەوە خوری*

## گۆران قەرەداغی

دەڵێن کورد بە درێژایی مێژوو خۆخۆر و ناتەبا بوون. رەنگە ئەو بۆچوونە لە هەندێ بارودۆخدا، یان سەردەمێکی تایبەتدا، تا پلەیەک دروست بێ. ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی مێژووی نشونما و دەستپێکی گەشەکردنی هەر نەتەوە و وڵاتێکی ئەم سەرزەمینەدا بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە کوردیش وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەوانی تر خۆخۆرتر نەبووە. دیارە شێوازی تەبایی یان ناتەبایی هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتیش، پێبەپێی جیاوازی فاکتەرە ماتریالییەکان و هەلومەرجی ژیان، بە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە، دادەڕێژرێ و فۆرم دەگرێ.

هەر کاتێ دوو لایەنی کورد پێکدا هەڵپژابن، زۆربوون ئەوانەی کەوتوونەتە نێوانەوە و نێوبژیان کردوون. کە کاریش لە کار ترازابێ و دەستەڵات نەبووبێ، دیسان زۆربوون ئەوانەی ژانیان گەیوەتێ و نیگەران بوون. بە درێژایی ماوەی ناتەبایی و پێکهەڵپژانەکانی نێوان بزاڤی رزگاریخوازیی هاوچاخی کوردان ( 1964-2004)، زۆرینەی کوردان لەو دووبەرەکییە نارازی و نیگەران بوون، بە شێوازی جۆراوجۆر سەرزەنشت و رەخنەیان ئاراستەی بەرپرسان کردوون و تێکۆشاون لەپێناوی رێکخستنەوەیان، یان تەباییاندا.

خۆشبەختانە لە رێکەوتنەکەی 1997ی "واشنتن"ەوە، جا با لەژێر فشاریشدا بووبێ، وەرچەرخانێک لە شێوازی "ناتەبایی" نێوان دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی بزاڤی کورددا روویدا. لەوساوە ناتەبایی چۆتە قۆناغێکی نە شەڕ و نە ئاشتییەوە، کە دەکرێ بە قۆناغی شەڕی ساردیش ناوزەدی بکەین. بێگومان گەیشتن بەم قۆناغە گەشەکردنێکی پۆسەتیڤە لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستاندا، بە بەراوردکردن لەگەڵ رابردووە خوێناوییەکەیاندا. بەڵام هەنووکە 7 ساڵی رەبەق بەسەر رێکەوتنەکەدا تێپەریوە، کەچی سەرەڕای زنجیرەیەک بەڵێنی هەردوو لا، سەرەڕای دانپێدانانی هەردوو لا بە زیانی ناتەبایی و خۆش خۆش دووپاتکردنەوەی پیرۆزی و پێویستیی ئاشتبوونەوەی یەکجاری و یەکخستنەوەی خەبات و ماڵی کورد، هێشتا قۆناغی تۆقێنەری شەڕی سارد درێژەی هەیە.

قۆناغی شەڕی ساردی دوای نەمانی رێژیمی بەعس و سەددام گەلێک جیاوازە لە هەمان قۆناغی پێش رووخانی هەمان رێژیم. ئەوسا کەس نەیدەزانی کەنگێ سەددام دەڕووخێ، ئەوسا لە گۆڕەپانە بچووکەکەی ناوچە ئازادکراوەکانیاندا، لە چاوەڕوانییەکی پلسیڤدا، یەکێتی و پارتی پتر کاتیان بە خودی خۆیانەوە بەسەردەبرد، بێخەم خەریکی کێبەرکێیەکی پارتایەتییانە بوون، هەریەکەیان بە کاوەخۆ سەرقاڵی خۆ بەهێزکردن، خۆ زەنگینکردن و خۆ قەشەنگکردن بوون. وە ک دوو هەرزەکاری لەخۆڕازی، هەریەکەیان لە خولیای دڵی کوردە خاندا بوون. بەڵام هەنووکە پاش رووخانی سەددام، گۆڕەپانەکە گەلێک فراوانترە، ئەمەریکا، بەریتانیا، هێزە فرەڕەگەزەکان ، تێرۆریستان و چەندین پارت و لایەنی ناکورد و تەنانەت نەیاریشی تێدا هەن. هەموو، بە دوژمن و دۆستەکانیشەوە کێبەرکێ لەگەڵ کورددا دەکەن، لە بیانووی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی کوردستانەکەمان دەگەڕێن، سەدان پاساو بۆ دەرهێنانی دڵی کوردستان و بە تاڵانبردنی قودسەکەی دێننەوە، کات بە خێرایی بروسکە و لە دژی دەسکەوتەکانمان تێپەڕدەبێ و حیزبەکانی ئێمە، سەرەڕای بەڵێن و گفتە زەرد و کەسکەکانیان،

سەرەڕای هورەوێک دوژمن و دۆستی شۆڤێنیست و برای خۆ بەگەورە زان، سەرەڕای ئەو گشت زام و ژانەی کردوویانەتە جەستەی شەکەت و دڵی گەورەی کوردەوە، مێشێک میوانیان نییە و دەستیان بە تەمەنی شەڕی ساردەوە گرتووە.

جاران ناتەبایی زیانی جەستەیی و رۆحی لە کورد دەدا، ئەمرۆ رێسەکەی دەکاتەوە بە خوری کە یەکسانە بە لەنێوچوون. جاران لە گۆڕەپانە بچووکەکەدا، لەسەر باڵادەستی و پاوانکردنی کوردستان ناتەبا بوون، ئێستا ناتەباییەکەیان دەبێتە هۆی لەدەستدانی کوردستان وەک وڵاتێک، یان هەرنەبێ لەدەستدانی هەرێمێکی پێکەوە پەیوەست و کردنی بە دوو ناوچەی فیدرالی ئیداری لەسەر بنەمای پارێزگاکان. ئەگەر وا نییە، بۆ رێکناکەون؟ خۆ بە پێی قسەکەران و راگەیاندنی هەردوو لا، لەسەر هەموو شت رێکن، جگە لە رێژەی بەشدارییان لە رێکخستنەوەی حکومەت و پەرلەماندا. رێژەیەک کە هەمیشە، هەر چەند ساڵ جارێک، پێبەپێی گۆڕانی رێژەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە گۆڕاندا دەبێ. جا ئەگەر پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر دیموکرات بن و بڕوای تەواویان بە دروستی رێبازەکەیان، دڵسۆزیی خۆیان و سەلیقەی میللەت هەبێ لە هەڵبژاردندا، ناتەبایی ئەمڕۆیان هیچ مانایەکی نامێنێ.

ئەمڕۆ مەسەلەی هەڵبژاردن لە دوو ئاستی کوردستان و ئێراقدا لە ئارادایە، بە ئاشکرا پاشگەزییەک لە هەڵوێستی حکومەتی کاتی و لایەنە ناکوردییەکاندا، لەمەڕ ئەو فیدرالیزمەی کورد خوازیاریەتی، لەمەڕ کەرکوک و ناوچە تازە ئازادکراوەکان، هەست پێدەکرێ. ئەوەی کە لە غەرغەرەی بەدەستهێنان و لەدەستچوون دایە، نەک هەر لە دەسکەوتێکی بەرتەسکی ئەم یان ئەو حیزب، بەڵکو لە ژیانی خودی حیزبەکانیش گەورەتر و بایەخدارترە. ئەگەر ئێستا میوەی تەواو گەیوی ئاشتبوونەوە و یەکخستنەوەی ماڵ و تێکۆشانی کورد نەکەنەوە و کەڵکی لێوەرنەگیرێ، ئیدی دەگەنێ و کەڵکی نامێنێ. سەرکەوتن و دەستکەوتەکان چاوەڕوانی ئاشتبوونەوەیەکی بە پەلەن.

* ئەم وتارە نێردراوە بۆ هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی